16ی ئاب وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دا

ئاری عومەر

گەلی کورد گەلێکە لەدێر زەمانەوە لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیدا شۆڕشی کردووە و قوربانیداوە، بەڵام پیلانی دوژمنان زوو شۆڕشەکانیان لەباربردووە و لەگەڵ ئەوەیشدا هەمیشە کورد کۆڵی نەداوە لە شۆڕش تاوەکووبتوانێت ئەوڕێگە و ڕێچکەیەیی کە گرتوویەتیە بەر لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی بە دیهێنانی مافەکانی خۆیدا شۆڕش و خەباتی بۆ کردووە و هەمیشە لە درێژدادا بووەو کۆڵی نەداوە، ڕاپەڕین و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی زۆری یەک لە دوای یەک ئەنجامدراوە و سەریانهەڵداوە لەناو پارچەکانی کوردستاندا، بەڵام هەر زوو بەهێزی دوژمنان و پیلانگێڕان و ناحەزانی گەلی کورد ئەو جۆڵانەوانە لەناو براون و سەرکوتکراون، تا سەرەتای چلەکان کورد زۆر بزووتنەوە وڕاپەڕینی شۆڕشگێڕی ئەنجامداوە، بەڵام هیچ کام لەو شۆڕشانە مەبەست و کاری دیاریکراوی خۆیانیان نەپێکاوە و هەر زوو بە پیلانی پیلانگێڕان و دووژمنانی گەلی کورد شۆڕشەکان دامرکاونەتەوە.

لەو سەردەمانە دواینیان و بەهێزترینیان شۆڕشی کورد بوو لەئێران کەلە ئەنجامدا کۆماری مەهابادی لێ لەدایکبوو، بەڵام ئەو شۆڕشەش ئەوەندەی نەخایاندوو هەر زوو بەچەند مانگێک لەدوای سەرکەوتنی دووژمنان کەوتنە پیلان بۆی و لە ناویان بردووە سەرکردەکانیان گیراون و لەسێدارە دراون.

بۆیە کورد زۆر قۆناغ و سەردەمی جۆراوجۆری لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بە ڕێکردووە و بەرەنگاری زۆر لە ڕژێمە داگیرکارەکانی کوردستان بۆتەوە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، کۆڵی نەداوە لە خەباتی نەپساوەی بۆ سەرکەوتنی کوردستان.

بەڵام ئەوەی پێویستە لێرەدا بیلێتین و هەندێک لەسەر بڕۆین دروستبوونی بارودۆخێکی دیکە لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆماری مەهاباد کە کورد قۆناغێکی دیکەی تێپەڕاندوو بە قۆناغێکی دیکەدا ڕێبشت و دەچووە بارودۆخێکی ترەوە دوای نەمانی کۆماری مەهاباد، لەگەڵ ئەوەی کە سەرجەم سەرکردەکانی ئەو شۆڕشە جگە لەبارزانیی نەمر هەموویان گیران و دەستبەسەرکران بۆیە پێویست بوو کورد خۆی ڕێکبخاتەوە بیر لە ڕێگە چارەیەک بکاتەوە بۆسەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی دیکە تاوەکوو دووژمنان نەڵێن کورد تەواوبوون بۆیە زەروورەتی مێژوویی وای پێویست دەکرد کە بەدیلێکی بزووتنەوەی هەبێت، لەو کاتانەشدا کوردی کوردستانی ئێراق کە هیوایەکی مابوو لەو سۆنگەیەوە دەست بە خەبات بکات، لەگەڵ ئەوەیشدا بۆشاییەکی دەرکپێکراو هەبوو کە چۆن ئەو چین و تویژ و لاوانە کۆبکرێتەوە کەلە کوردستان بوون، بۆیە بیر لەوە کرایەوە پارتێک دروست بکرێت بۆڕێکخستنەوە و زیندوو کردنەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە کوردستانی ئێراق، لە سەرەتا و دەمە دەمی دروست بوونی کۆماری مەهاباد دا.... بەسەرۆکایەتی بارزانیی نەمر و لە بارودۆخێکی گرینگی مێژوویی دا کە کورد زۆر پێویستی پێ بوو لە کوردستانی ئێراق بڕیاری دامەزراندنی(پارتی دیموکراتی کورد) درا لە کوردستانی ئێراق تاوەکو شۆڕشی کورد لەسەر مافەکانی خۆی سووربێت و کۆڵنەدا لەو مافانەی کە لەلایەن ڕژێمی ئێراقییەوە لێ زەوت کراوە، لە 16 ئابی ساڵی 1946 بەفەرمی پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا کەلە دواییدا ناوەکەی بوو بە(پارتی دیموکراتی کوردستان).

62 ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر دامەزراندنی ئەو پارتەی کە توانی ئەو ڕۆژە بۆ گەلی کورد دەستە بەر بکات کە بێگومان ئەوەش بەبەرخودان و ماندووبوونێکی زۆری ئەم گەلە ستەم دیدەیە بوو کە بەگیانی پاکی خۆیدان شەهید لەڕێگای ڕزگاریخوازی کوردستاندا لە ژێر چەتری(پارتی دیموکراتی کوردستان) بەڕابەرایەتی سەرۆک بارزانی، دوای چەشتنی تاڵی و ناخۆشی ڕۆژانی دژواری سەختی شۆڕش کە ئەم بزووتنەوەیە لەسەر دەستی ڕژێمی بەعسی و ڕژێمەکانی دیکە دەیان چێشت، ئەمانەو چەندین هۆکاری تر کەبوونە هۆی هێنانەدی ئەم ڕۆژگارە بۆ گەلی کورد، کە بێگومان (پارتی دیموکراتی کوردستان) ڕێگە خۆشکەری ئەم ئازادی و سەربەخۆییەی ئێستایە کە گەلەکەمان بە دەستیهێناوە، پارتی دیموکراتی کوردستان سومبولی ئەو ڕێگەیە کە ئەتەوەی کورد خەباتی تێدا کردووە، خاوەنی چەندین شەهید و قوربانیدانە خاوەنی پێکهێنانی ئاشتی و سەرخستنی شۆڕشە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەر لێرەدا و لەم یادە پیرۆزەدا نابێت ڕۆڵی حەکیمانەو قارەمانێتی بارزانیی نەمر نەزانرێت کەئەو بووەتە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و دامەزراندی(پارتی)، پارتێک کە ئەمڕۆ ڕۆژە پڕشنگ وسەربەستیی و ئازادی بۆ نەتەوەی کورد هێناوەتە دی، ڕۆڵ و کۆڵنەدان و خەباتی نە پساوەی بارزانی نەمر دامەزرێنەری(پارتی) هەر لە مندالیەوە لەپێناوی چەوساندنەوەی میللەتەکەیدا لەلایەن ڕژێمەکانی ئێراق خەباتی کردووە و هەوڵی ئازادی داوە بۆگەلی کورد.

لەگەڵ ئەوەیشدا سەرۆک مەسعود بارزانی کە بێگومان درێژە پێدەری ڕێگە پیرۆزەکەی بارزانی نەمر وباوکە، هیچ ڕۆڵێکی لەو کەمتر نەبوو لەهێنانە دی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و درێژدان بە شۆڕشی کوردستان لە ژێر چەتری پارتی دیموکراتی کوردستاندا.

دوای62 ساڵ خەبات و هاتنەدی ئەم ڕۆژگارەی ئێستا کە لەسایەی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا و دروستبوونی ئاشتەوای نێوان کوردان و بەری خەباتی نەپساوەی چەندی ساڵەی پارتی دیموکراتی کورستان بە ڕابەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی کە خەباتی کردووە بۆ بەدی هێنانی مافەکانی گەلی کورد کە خۆی لەم ئازادیەی ئێستادا دەبینێتەوە کە ئەمڕۆ پیادە دەکرێت و ئەم دیموکراتیەتەی کە لەکوردستاندا هەیە بە بەرچاوی هەموو لایەکەوە ڕوون وئاشکرا دەبینرێت، هەر لە ئازادی تاکە کەسی بگرە هەتا هێنانەدی و دروستکردنی بارودۆخێکی ئەمنی و لەبار بۆ گەلی کوردستان.

بەری ڕەنجی 62 ساڵ خەباتی(پارتی دیموکراتی کوردستان) کە لەڕێگای شەهید وقوربانیداوە، ئەمڕۆ هاتووەتەدی و خەڵکی کوردستان ئازادانە لە سایەدا ژیان ئەگوزەڕێنن، هەر تاکێکی کورد سەربەستانە لەسایەی ئەو ئازادیەدا پیادەی سەربەستی و ئازادی ژیانی خۆی دەکات، دوور لەترسی ئەوەی کەلەکاتی خۆیدا لە سایەی ڕژێمە دیکتاتۆریەکانی ئێراقدا کەپێیان دەکرا و دەچەوسێندرانەوە.

هەموو مافەکانیان لێ زەوت کرابوو، بۆیە دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 16 ئابی 1946 دا هەڵهاتنی خۆری ئازادی و ڕێگای ڕزگاری گەلی کورد بوو، لەو ڕۆژەدا پارتێک لەدایک بوو کەهەموو کورد لەپەرتەوازەبون وبێ سەروبەری ڕزگاریان بوو، لەدوایی ئەوە کورد بەیەکەڕیزی خەباتی دەست پێکرد بۆبەدیهێنانی مافەکانی کە ئەمڕۆ بەرەو ڕەنجی ئەو خەبات و ماندووبوونە دیارە.

لەیادی 16 ئابدا هەزار سلاوی شکۆدار لەگیانی پاکی دامەزرێنەری پارتی و سەرکردەیی هەمیشە لەیاد بارزانی نەمر وسەر کردەی ئاشتەوایی کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

لە 16ئابدا ڕێز و نەوازیش لەگیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕزگاریخوازی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان.

سلاو و ماندونەناسی بۆ پێشمەرگەکانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هێنانەدی ئەم ڕۆژە. سەربڵندی و قارەمانێتیی بۆ دایکانی شەهید و ئەنفالکرانی کوردستان کە ڕۆڵەکانیان لە ڕێگای کوردستان کردە قوربانی تاوەکو ئەمڕۆ ڕۆژە بێننە بەرهەم.

سەرکەوتوو بێت پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسایەی یەکڕیزی گەلی کوردستان.

شەکاوە بێ ئاڵای پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی بۆزیاتر چەسپاند و مسۆگەر کردنی تەواوی مافەکانی گەلی کورد و، خەباتکردن بۆ گەڕاندنەوەی بەشە دابڕاوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و هێنانەوەیان بۆ سەر خاکی دایک بەرز وپیرۆز بێت کوردستان.

پەیوەندییە دووبوونەکانی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و زانستی مرۆڤایەتی

زانستە مرۆڤایەتیەکان لە مێژوە هاوشانی ڕەخنەی ئەدەبین لە کارەکاندا، فەلسەفە شێوەی یەکەمی خۆی سەپاندە سەر ڕەخنەی ئەدەبی لە لای هەر یەک لە ئەفلاتوون «347پ.ز» و ئەرەستۆ «322پ.ز» و لۆنجاینۆس، بەڵام ئەرەستۆ هەر بەوەندە قسەکردنە نەوەستا لە ڕاست ئەدەبی درامی کە جیاوازە لەو ڕاستیەی لە ژیان و لە بوەیردا هەیە، بەڵکو چووە ناو بابەتێک کە ناسراوە بە پاکژبوونەوە catharsis ئەوە واتای ئەوەیە بینینی دیمەنێک لە کاری شانۆیی دەبێتە هۆی پاکبوونەوەی دەروونی بینەر لە توندوتیژی و تاوان و لادان لە ڕێگەی وروژاندنی هەست و سۆزی ئاسوودەیی بینەر و ترسان لەو سزایەی کە خراوەند لە شێوەی پاڵەوانێکی تراژیدیا ئاسا دەینێرێتە خوارەوە. ئەگەر لە قسەکەی ئەرەستۆ وردبینەوە ئەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ڕەخنە وەزیفەیەکە شوێنی شیکردنەوەی دەروونیمان بۆ دەگێڕێتەوەو ڕێنماییان دەکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لە دڵەڕاوکێ و پەشۆکان.

بەڵام مەبەستی ئەدەب لای ئەوان پەیوەست بوو بە هەڵوێستی ئەدیب لەو ئاکۆکیەی کە کۆمەڵگە سوودی لێ دەبینی، ئەگەر کۆمەڵگە ئاکۆکی چینایەتی بەخۆوە بینی و بووە هۆی دیاریکردنی ئامانجی ئەدەب و مەبەستەکەی و سەرکەوتنی یەکێک لە چینەکان یان دەربڕین لە یەکێکیان، ئەگەر کۆمەڵگە گۆڕانکاری بەخۆوە بینی و چینی کرێکار ویستی پایەی دەسەڵات بگرێتەخۆی، لێرەدا مەبەستی ئەدەب دەبێتە بەرگریکردن لە دەسکەوتەکانی چینی نوێ.

ئەوەی زۆر بە ڕەخنەی مارکسیزمەوە دیاربوو زانستێکی نوێ بوو ئەویش زانستی جوانناسی مارکسی بوو، کە بڵاوبوونەوەی تێپەڕی وڵاتانی شوعیەتی کردو گەیشتە ئەو وڵاتانەی کە زیاتر ناجێگیری کۆمەڵایەتیان پێوەدیار بوو، هەروەها بووە دەرکەوتنی ناوی نوێ لە بواری ڕەخنەی کاریگەر بە مارکسیەتەوە، لەوانە دەربڕینی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ڕەخنەی ئایدۆلۆژی، ڕەخنەی واقیعی، واقیعەیتی نوێ، هەروەها بەکارهێنانی وشەی ئیلتیزام کە پەسنێک بوو بۆ ئەدەبێک کە مەبەست و ئامانجی دیاریکراو بوو لە ڕەخنەی مارکسیزمدا.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕەخنەیەوە چاویانخشاندەوە بە سەرجەم ئەو کارە ئەدەبیانەی کلاسیزمی کۆنەوە، شرۆڤەو لێکدانەوەی نوێ بەخشرایە دەقە ئەدەبیەکان وەک تەواوبوونی ڕۆژمێرەکەی بە پێی پێوەرێکی نوێ.«23»

هەندێک لەوانەی گرنگیان بە ئەدەب داوە پێیانوایە ئەدەب لەڕووی هونەریەوە گەڕاوەتەوە دواوە بە پێی ئەو بیرۆکەیەوە، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوانەی گرنگی بە تێڕوانینی مارکسی دەدەن زیاتر لایەنی بابەت و بیرو هزریان لا گرنگەو شێوەو لایەنی هونەریان پشت گوێ خستووە، هەروەها لەجیاتی ئەوەی ئەدیب بە شێوەیەکی ئازاد دەربڕین لەخۆی بکات، خۆی دەخستە ڕێگەیەکی تەنگ و پڕ لە کەندو کۆسپ، وای لە ئەدیبەکانی سوفیەتی پێشوکرد کە لەسەر یەک شێواز لێبدەن، بەلای کەمیەوە سکالاکردنیان بوو لە ئاراستەی واقیعەیەت، لە بەر ئەو هۆیەشەوە گەڕانەوە بۆ دوبارە چاوخشاندنەوە بەم لایەنەوە، بۆیە جۆرێک لە ڕەخنەگران دەرکەوتن لە ڕووی نەرمی و ڕەنگاوڕەنگیەوە، هەروەها یاسای ڕەخنەی مارکسی و ئەدەبی مارکسی لەسەر دەستی ئیلیا ئاهرنبورگ جار لەدوای جار ئازادبوون لە ژێر هەیمەنەی بیروڕای تیۆری هەندێک لە ڕەخنەگران بۆ نموونە جدانۆڤ.

هەڵبەت هەر یەک لە جۆرج لۆکاش lukacsو لویس گۆلدمان gold-mannڕەخنەی مارکسیزمیان لەسەر بنەمای جیاواز نوێ کردەوە،«24» یەکەمیان لەنێوان تێڕوانینی مێژوویی بۆ ئەدەب و تێڕوانینی کۆمەڵایەتیەوە شتێکی هێنایە کایەوە وەک لە پەرتووکەکەی کە ناونیشانەکەی بێ ئامارژەکانی ئەو کارە نەبوون، کە پەرتووکەکەی ڕۆمانی مێژوویی بوو، بۆیە ڕەفتاریک کە کەسایەتی ڕۆمانی مێژوویی بەرجەستەی دەکات بۆ کۆمەڵایەتی کرد، لە دیاترینیان ئەوەیە تۆژینەوە لە دەوروبەری نووسەر لە ڕووی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ کاری ئەدەبی بووە هۆی ئەوەی کارەکە پشت گوێ بخرێ و جەخت بکرێتە سەر کۆمەڵگە زیاتر لە جەختکردنەوە لە خودی ئەدەبەکە، بەڵکو بەکارهێنانی ئەدەب لەو ڕەخنەیەدا وەک ئامرازێکە بۆ پاڵپشتی ئەو بەرئەنجامانە پەیوەستە بە کۆمەڵگە، ئەو بەرئەنجامانەش بەوە تەواو دەبێت لە بوارێکدا کە ئەدەب نییە، لە لایەکی دیکەوە ئەوەی لە بابەت ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەگوترێ و جەختی لێ دەکرێتەوە بەوەی کە ئەدەب دەربڕینە لە ناخۆشیەکانی چینی نووسەرە ئەگەر لە بۆرژوازی بچووک بێت کە لە کارەکانی ناخۆشی ئەو چینە دەردەکەوێت، ئەمە ڕوانینی داهێنانە ئەگەری جیاواز بەخۆوە ناگرێت کە وا بڕوانین داهێنەر دەبێ یان شۆڕشگێر بێت یان یاخی لەسەر بارودۆخە چینایەتیەکەیەوە. لەسەر ئەوە جەختکردنەوە لە ڕۆڵی پاڵنەری کۆمەڵایەتی لە بەرهەمهێنانی ئەدەب یان هونەردا لایەنی فەردانیەت پشتگوێ خراوە لای ئەدیب، بۆیە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە بەرامەب ڕئەو پرسیارەدا دەست پاچەیە کە دەڵێ: دوو نووسەر لە بارودۆخێکی هاوشان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە لە ئازارو ژان و ناخۆشی ژیانیان گوزەراندووە، بۆچی یەکێک عەبقریەت و سەرکەوتنی تیادا دەردەکەوێت و ئەوەی دیکەیان هیچی تیا بەدی ناکرێت؟

شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەهایەک و قورسایەک بە بەهری تاکەکەس و پاڵنەرە سایکۆلۆژیەکان و پرسەکانی جوانکاری و سەلیقەوە نادات، تیۆری ڕەنگدانەوە ئەویش ئەدەب ڕووتدەکاتەوە لەوەی کە هەیبووە هەر لە کۆنەوەو، ڕێنماندنێکی میکانیکیمان پێشکەش دەکات لە پرۆسەی نووسین وەک ئەوەی بەرهەمێک لە بەرهەمەکانی پیشەیەک بێت و، لە کارگەیەک بەرهەمبێت و، پێداویستی بازاڕ پڕ بکاتەوە.

وەکو ئەوەی لە پێشەوە باسمان کرد بەرئەنجامی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوەی پێداچوونەوەیە بە ڕوانینەکانی کەلتوور، بەڵام سوودەکەی ناگەڕێتەوە بۆ تیۆری ئەدەب، بەڵکو سوودەکەی گیردەخوا لە زانستەکانی دیکەی وەک سیاسەت و کۆمەڵزانی و ئاکارو ڕەنگە فەلسەفەی مادی مێژوویی و مادیەتی جەدەلی، بۆیە دەگەڕێینەوەو جەخت لەوە دەکینەوە لەوەی ڕابوورد لە قسەکردنمان لە ڕەخنەی دەروونی لەوەی کە کاری ئەدەبی و هونەری زۆر ئەستەمە ببێتە هۆی عەبقریەت لە یەکێک لە لایەنەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە.

و. شوکر سلێمان

سەرچاوە:
النقد الادبی الحدیث من محاکاه الی التفکیک
دکتور ابراهیم محمود خلیل، دار المسیره للنشر والطباعه، الاردن، 2003.



ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پاشەکشەی کردووەو، شوێن و مەکانەتی وەکو جاران نەمایەوە وەک ئەوەی لە ئیوەی سەدەی ڕابردوو هەیبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا پارێزگاری لە هەندێک لە لایەنگرانی دەکات، زۆرترین ئەوانەی گرنگی ڕەخنە دەدەن ناتوان باشتر بدۆزنەوە لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە ڕووی جێبەجێکردنەوە

پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەی کاری ئەدەبی دەبێت بە دانانی ئەوەی یەکەیەکی کۆگیرو هەمووەکی سروشتیە Totalityبە پێچەوانەی ئەوە، ئەوا لێکۆڵینەوەیمان بۆ کاری ئەدەبی لێکۆڵینەوەیەکی تێپەڕەو ئەو ڕۆڵە وندەکات کە ئەدەب و هونەر لە ژیاندا هەیانەو ئاراستەی دەکەن.

جیاوازی لەنێوان گۆڵدمان و بونیەویەکان ئەوەیە، بونیەویەکان پێیوایە کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەربڕینی نوێ کە هەر یەکیان بیروڕای تایبەتیان هەبوو بۆ ژیان. لای کۆمەڵێک لە شاعیران زوهو وەعز دەرکەوت و بووە جۆرێک لە بیروڕا کە دەربڕینی لە ژیانی نوێ دەکرد، هەروەها بیروڕایەکی دیکە دەرکەوت وەک دژیەکیەک لای هەندێک لە شاعیرانی زیرەک و دانا ئەوانەی ناساربوون بە مەجان، دەربڕینی هەست و سۆزی ئەو تیپە لە قبوڵکردنی ژیان لەبەرامەبەر دەربڕین لە گروپی یەکەم لە بارەی ئەدەبارو ئەزوراری ئەوەی لەی بەهاو ڕەنگی نوێی تێدایە.

گۆڵدمان لە لێکۆڵینەوەکانیدا دەربارەی باسکاڵ و راسین و ڕۆسۆ ئەوە ئاشکرا دەکات لە بوونی تێڕوانینێکی یەکانە بۆ جیهان کە بە بەردەوام دەناسرێتەوە بە ڕوانینێکی ڕەش و لێخن، بە ڕاستی لێکۆڵینەوەکانی گۆڵدمان لەدوای هەر دەقێکدا بۆ گەیشتن بووە بۆ دەربڕینێک کە بە ڕەخنەی دروستکار ناسراوە، کە ئەویش گەرەکی بووە وەلامی ئەو پرسیارە بداتەوە: چۆن بەرهەمی ئەدەبی دێتە کایەوە؟

هەربۆیە ناو لە ڕێگەی کۆمەڵایەتی گۆڵدمان لە لێکۆڵینەوەی ئەدەب دەنێن بونیەوی دروستکار Genetic structuralismچونکە تێکەڵیەکە لە بونیەوی ئەنترۆپۆلۆژیەکانی دروستکار، کە لە بنەڕەتدا ڕوانگەیەکی مێژوویە، هەر بۆیە ئەوە بە بیرخۆمان دێنینەوە کە یەکێک لە سەر هێڵی گۆڵدمان دەڵێ: «ئێمە ناتوانین سروشتی ئەدەب دیاری بکەین لە خودی خۆیدا، یان قسە لە گەوهەری ئەدەب بکەین دوور لە سیاقی مێژوویی خۆیدا.»«29»

لەگەڵ ئەوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پاشەکشەی کردووەو، شوێن و مەکانەتی وەکو جاران نەمایەوە وەک ئەوەی لە نیوەی سەدەی ڕابردوو هەیبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا پارێزگاری لە هەندێک لە لایەنگرانی دەکات، زۆرترین ئەوانەی گرنگی ڕەخنە دەدەن ناتوان باشتر بدۆزنەوە لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە ڕووی جێبەجێکردنەوە لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە ئەوەی کە ئەدەب دەربڕینە لە ناخۆشیەکانی چینی نووسەرە ئەگەر لە بۆرژوازی بچووک بێت کە لە کارەکانی ناخۆشی ئەو چینە دەردەکەوێت، ئەمە ڕوانینی داهێنانە ئەگەری جیاواز بەخۆوە ناگرێت کە وا بڕوانین داهێنەر دەبێ یان شۆڕشگێر بێت یان یاخی لەسەر بارودۆخە چینایەتیەکەیەوە. لەسەر ئەوە جەختکردنەوە لە ڕۆڵی پاڵنەری کۆمەڵایەتی لە بەرهەمهێنانی ئەدەب یان هونەردا لایەنی فەردانیەت پشتگوێ خراوە لای ئەدیب، بۆیە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە بەرامەب ڕئەو پرسیارەدا دەست پاچەیە کە دەڵێ: دوو نووسەر لە بارودۆخێکی هاوشان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە لە ئازارو ژان و ناخۆشی ژیانیان گوزەراندووە، بۆچی یەکێک عەبقریەت و سەرکەوتنی تیادا دەردەکەوێت و ئەوەی دیکەیان هیچی تیا بەدی ناکرێت؟

شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەهایەک و قورسایەک بە بەهری تاکەکەس و پاڵنەرە سایکۆلۆژیەکان و پرسەکانی جوانکاری و سەلیقەوە نادات، تیۆری ڕەنگدانەوە ئەویش ئەدەب ڕووتدەکاتەوە لەوەی کە هەیبووە هەر لە کۆنەوەو، ڕێنماندنێکی میکانیکیمان پێشکەش دەکات لە پرۆسەی نووسین وەک ئەوەی بەرهەمێک لە بەرهەمەکانی پیشەیەک بێت و، لە کارگەیەک بەرهەمبێت و، پێداویستی بازاڕ پڕ بکاتەوە.

وەکو ئەوەی لە پێشەوە باسمان کرد بەرئەنجامی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوەی پێداچوونەوەیە بە ڕوانینەکانی کەلتوور، بەڵام سوودەکەی ناگەڕێتەوە بۆ تیۆری ئەدەب، بەڵکو سوودەکەی گیردەخوا لە زانستەکانی دیکەی وەک سیاسەت و کۆمەڵزانی و ئاکارو ڕەنگە فەلسەفەی مادی مێژوویی و مادیەتی جەدەلی، بۆیە دەگەڕێینەوەو جەخت لەوە دەکینەوە لەوەی ڕابوورد لە قسەکردنمان لە ڕەخنەی دەروونی لەوەی کە کاری ئەدەبی و هونەری زۆر ئەستەمە ببێتە هۆی عەبقریەت لە یەکێک لە لایەنەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە.

و. شوکر سلێمان

سەرچاوە:
النقد الادبی الحدیث من محاکاه الی التفکیک
دکتور ابراهیم محمود خلیل، دار المسیره للنشر والطباعه، الاردن، 2003.